نیشتیمانەکەی هەڤاڵ کوێستانی عێراق نییە

لە نووسین نەبێ، من هەرگیز هەڤاڵ کوێستانیم نەدیتوە. منیش هەمان بۆچونم هەیە لە سەری، دەبوو ئەویش لە هونەری نووسینی هۆنراوە بەردەوام بووایە، نەک وشەی خامەکەی بکا بە ژێر شەڕی خێل و براکوژیدا، کینی چەند ساڵەی پێرێکی دێرینی نەیاری شاخ دنیای لێڵبکەن.

لەم ڕۆژانەدا کە دەستمکرد بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی ئەو مرۆڤە ناسک و پێنوسڕەنگینە، نەمتوانی پشو وەرگرم، تاکو بە هەورازی هەموو وشەکانیدا سەرنەکەوم وبگەمە دوا کانی سازگار و دەوارەکانی قەندیل و ئاشنای دەها وشەی نوێ و نازدار ببم و لە گەڵ دیمەنەکاندا چێژی هەنگوینی کویسانەکان بکەم و گوێ لە قڕیوەی ئاهەنگاوی کیژانی خرخاڵ لە دەست، گوێیەکانم پڕ بەختەوەری بکەن.

بیرەوەرییەکانی نووسەر خۆیان لە سێ هێڵی سەرەکیدا دەبیننەوە. سەرەتا ژیانی شار، کە چۆن نووسەر گەنجێکی سەرگەرم دەبێ و ستەمی فاشیستەکانی بەغدای پێ پەسەند ناکرێ، بۆ ئەوەش ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە باشترین دەروازەی رزگاری دەزانێ و دەبێتە ئەندامێکی چالاک و دوای تەواوکردنی خوێندن بڕیار دەدا کە ڕوبکاتە شاخ و پێشمەرگایەتی بکاتە پیشەی خۆی.

هێڵی دووەم، بوون بە پێشمەرگە و سووتاندنی ناسنامە عیراقییەکەی کە وەک هەزاران کوردی دی بە هی خۆی نازانی و ئاگری شوانێکی پێ بلێسەدار دەکا، کە بەریکەوت لە نیوان چەند دەوەنێکی ناوچەی قەرەداغ ، لە گەڵ هاوڕێکەیدا دەیبینن. من هەمان تابلۆ و هەڵوێستم لە بیرەوەریەکانی کەریم کاکە (گوڵئەستێرەکان کوژانەوە) بینی، کە دەڵێ: لە سەر ئەو هێڵە کە ناوی سنوورە خۆم بەتاڵدەکردەوە. سنوورێکی دروستکراو کە گەلێکی کردوەتە دوو بەش. لە ڕۆمانی کوڕەزاکەی زیتۆش، بە شێوەیەکی دی( م حەمەفەریق حەسەن) باسی ئەوە دەکات کە چۆن خووزەی سەربازی داگیرکەر دەکرێتە قەعدەی پاشەڕۆی منداڵێ. یەکێ لەو هۆکارانەش بوو کە خۆم بوومە پێشمەرگە، چیتر بەرگەی ستەمی دەمارگیری عارەبی داگیرکەرم لە سلێمانی نەگرت..

هەر ئەو ئێوارەیە لە گوندی (قامیشان)ی قەرەداغ پێوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات و ژیانی شار دەخاتە چنگڵەی* رابردووەوە. بەدەر لەوەی تا ماوەیەکی زۆریش بێچەک دەبێ، بەڵام هەستی سەروەری و ئازادی نایێتە باسکردن. بوون بە پێشمەرگە ژینگەیەکی نوێ دەبێ بۆی، دوور لە ڕۆمانیسیەت و ئۆتۆپیای خەباتی چینایەتی و دەقی بیردۆزەکانی مارکسیزم دەربارەی یەکسانی.

بوون بە پێشمەرگە لە نزیکەوە بە ئاگای دەهێنێتەوە کە سەرانی بزوتنەوەکەی و کۆمەڵگەکەی، ئاستی هوشیار و پابەند بوونی نیشتیمانیان چەندە. ئەویش وەک دەها دی تراوامای(دڵەخورپێی) شەڕ و کێشەی نێوان بزوتە سیاسیەکان و دابونەریتی خێڵ و یاساکانی، بە ئاراستەیەک کاریگەرییان دەبێ، کە چەندێک نابا، هەستی پەژیوانی دەیگرێت و ئاسۆی سەرکەوتنی لێ ون دەکات. کوشتنی وریا و لە ناوبردنی دیلەکانی پشت ئاشان و دەها دیمەنی خوێناوی، هەرەس بەو هیوایەی دەهێنن، کە پێشتر لە شار هاندەرێک دەبێ بۆ ئەوەی ببێتە پێشمەرگە. یەکتر نەخوێندنەوە و ملشکاندن و سڕینەوەی یەکدی ئەنجامگەلێک دەبێ، کە وی زوو پەی دەبا. دواتر دەگاتە ئەو بروایەی کە حزبەکەی هەمان ڕەنگی ئەوەی پێش خۆی هەیە، بەڵام بە شێوازێکی دی.

هێڵی سێیەم و یەکلاکەرەوەی بیرەوەریەکانی نووسەر، لە دوای وتوێژە و جیابوونەوەی ئالای شۆڕش و هۆکارەکانی و پیوەندی یەکێتی بە ئێرانەوە، دەستپێدەکا. کوێستانی، لە یەکەم کۆنفرانسەوە ئەوەی بۆ ڕوندەبێتەوە، کە بیرکردنەوەی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی، کە مێینە تێیدا ئامرازی تێرکردنی خواستەکانی پیاوە، نییە و دوابڕیار بەدەست سەرۆک خێڵە، ئیدی ئەوە ناخوا چەند زیرە و کارامە کارەکان راپەڕێنرێت. هەر لەم قۆناغەدا و دوای هەرەس هێنانی وتوێژ لە گەڵ بەعسدا و ئاشتبوونەوە لە گەڵ بەرەی

(جود)، دوای ئاشکرابوونی ئایکۆنەکانی (ئالآی شۆڕش)* و چەککردنیان لەلایەن برایانی سەنگەرەوە، کە بەوەش ناوەستێ، خودی نووسەریش لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە هانی هانی دەخرێتە سەر و بۆ لێپرسینەوە بانگێشت دەکرێ. ئەوە  نووسەر دەخاتە دووڕیانەیەکەوە، یان دەبێ کەنارگرێ یا دژی هاوڕێکانی بوەستێ و گوێ بەوە نەدا کە حزبەکەشی وەک ئەوانی دی، ببێتە چاوساغی داگیرکەران. چارەیەکی دی لەبەردەم نووسەردا نامێنێ  و ئەو نیشتیمانەی کە ئەو بە هی هەموو کەسێکی ئازادی خوازی دەزانی، بە پێوەری خێڵەکەی دەبرێت بەڕێوە و لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، بۆیە بڕیاری وازهێنان هەڵدەبژێرێ.

نووسەر، وەک سەرەتاش ئاماژەم پێدا، ئەوەی لە نیو دێرەکاندا پەیم پێبردبێ، خاوەن هەستێکی ناسک و وێژدانێکە، بە وازهێنانی لەو گەمە سیاسیە چەقبەستوە، گەڕاوەتەوە بۆ باوەشی کوێستانەکان و ڕوی خۆی لە هەموو ململانەیەکی خوێناوی، کە نیشتیمان ئازاری پێوە بکێشێ، وەرگێراوە. بۆ ئەو قاسپەی کەوی بەیانیانی بن قەتپاڵەکان و خەندەی کیژانی لادێ، هەناسەی ئەو پێشمەرگانەی کە تا دوا دڵۆپ دژی داگیرکەر جەنگاون، زۆر لەوە پیرۆزتربووە کە خۆی بکاتە سووتەمەنی جەنگێکی نەخوازراو. بیرەوەرییەکانی بەشێوەیەکی بابەتیانەی وا تۆمارکردوە، کەس نەیتوانیوە ڕقی دیلکوشتن و سوتاندنی ژینگەی جوانی کوردستانی لا ساردبکاتەوە.

وێڕای دەستخۆشی لە نووسەر هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و دەڵێم ئەم جۆرە بیرەوەریانە بۆ خۆیان بەشێکن لەو ئازارنەی کە چەندان ساڵە کورد کەم جار ئەزمونی لێوەردەگرێ.

ئاسۆ بیارەیی

٢٥ جەنیوەر سوێد